# هەوڵی ئەو شتە بدە کە پلەت پێ بەرز ئەبێتەوە لە بەهەشت

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الـه وسلم ئەفەرموێ : ( إن الرجل لترفع درجته في الجنة ، فيقول : أنى ( لي ) هذا ؟ فيقال : باستغفار ولدك لك ) سلسلة الاحاديث الصحيحة 1598 واتە : ( پیاو هەیە پلەی بەرز ئەبێتەوە لە بەهەشت ، ئەڵێ ئەوە بەچی بۆ من ؟ ئەوترێ پێی : بە دوعای منداڵەکەت بۆت لە خوا کە لێت خۆش بێ و تاوانت داپۆشێ ) .

**ئەو فەرموودە هانمان ئەدا بۆ چەند شتێك و چەند سودێکیشی تێدا :**

1- هانمان ئەدا بۆ زوو ژن هێنان بۆ ئەوەی هۆی منداڵ بوون بگرینە بەر .

2- هەڵبژاردنی ئافرەتێکی باش بۆ ئەوەی منداڵەکەمان بە شێوەیەك پەروەردە بکا کە لە پاشە ڕۆژ دوعامان بۆ بکا لە خوا کە لێمان خۆش بێ .

3- گرنگی دان بە پەروەردە کردنی منداڵ چونکە هۆیەکە بۆ بەرز بوونەوەی پلە لە بەهەشت .

4- زۆر داوا بکەین لە خوا بپاڕێینەوە کە منالی چاکمان پێ ببەخشێ پاش ئەوەی هۆکارەکان ئەگرینە بەر .

5-  خۆمان دوعا بكەین و لە خوا بپاڕێینەوە كە لە دایك و باوكمان خۆش بێ و پلەیان بەرز بكات لە بەهەشت .

وە زۆر سودی تر وەك ئەوەی كە لە پاش مردن دوعای منداڵ سودی هەیە بۆ دایك و باوك ئەمەش لە باسەكانی پێشوو ڕوونمان كردۆتەوە ، وە هەروەها بۆمان دەر ئەخا كە بەهەشت پلە پلەیە جا ئەوەی ئەیەوێ پلەی بەرز بەدەست بێنێ با هەوڵی بۆ بدا منالًیش یەكێكە لەو هۆكارانەی كە پلەمان بەرز ئەكاتەوە لە بەهەشت دەبا هەوڵی بۆ بدەین منالًمان زۆر بێ نەك وەك كەسانێك بە داخەوە منالًیان لێ بەلایەو بێزارن لێی لە جیاتی هەوڵ بدەن بۆ بوونی هەولًی نەبوونی ئەدەن و ڕێی لێ ئەگرن !.

**باوكی حارث**